## چۆن کۆمەڵگای کوردی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ئەچێت؟؟!!. (بەشی دووەم) ... جەمال فەتاح

لەبەشی یەکەمدا باسی ئازادی و یەکگرتنی سەندیکاو ڕێکخراوە جەماوەری وپیشەیی ومەدەنییەکانی کوردستانمانکرد، دیارە بۆ هەوڵی ئەو ئازادی و یەکگرتنە دەبێت ئاماژەیەکی ورد بۆ کەلتوری کورد بکەین، کە بەدیدی من کەلتوری کورد کەلتورێکی ترساوە یان ترسێنراوە بۆیە لەزۆر ڕووەوە ڕێچکەی واقیع بینی یان ڕەهایی ون کردووە یان بەئاستەم ئەتوانێت خۆی لە واقیع بینی ڕەها بدات، کەلتوری ترساو و چەپێنراویش کۆمەڵگاکەی لە کەوی و کۆیلەکردن نزیک ئەکاتەوە لەباتی بەرەو ئازادی و ڕەها بوونی بەرێت!. گەر کەلتوری کوردی کەلتورێکی ترساوبێت کۆمەڵگاکەشی کۆمەڵگایەکی ترساوە، کۆمەڵگای ترساویش لەهەموشت بەپارێزە، واتە بەتاکو بەکۆمەڵ کردارو وتارو بڕیاری ڕەهایان نییە یان هەشیانبێت زۆر دەگمەنە!.

لێرەدا بۆئازاد بوونی کەلتوری کۆمەڵگا بەگشت توێژ و سەر توێژەکانییەوە بۆگەیاندنی کۆمەڵگا بە ئازادییەکی ڕەها وەک هەر مرۆڤێکی سەربەستی جیهانی سەر بەستکراو، دەبێت کەلتور ئازاد بکەین لەترس؟!. وەلەکامە ترس؟!.

کەلتوری ترساوی کورد جگە لەهەندێک نۆرمی سادە نۆرمی ئازاد و گیانبەبەردا کراوی نییە هەشبێت دەگمەنە؟!. بۆنمونە هەموکورد هەڵپەڕێکی ئەزانێت بەڵام جگە لە چەندتیپێکی تایبەتی لە باشوری کوردستاندا ئەویش لە چوار چێوەی شانۆیەکدا، ئەتوانن کچوکوڕ یان نێرو مێ تێکەڵ ببن ئیتر لە بەشەکانیتری کوردستان تێکەڵ بوونی نێرومێ قەدەغەیە حەرامە کوفرە؟!، خۆنێرومێ وکچان وکوڕانی کوردستان بەگشتی هەموویان وازیان لە تێکەڵ بوون و پێکەوە هەڵپەڕینە بەڵام ناوێرن چونکە بۆ ئەترسن، لەچی ئەترسن؟!لەمارو لە دووپشک لەئاگری جەهەنم، لە دەسەڵات لە گەورەکان لەتانەو تەوانجی کۆمەڵگای ترساو لە مەلا لە حاجی لە سۆفی لە دەروێش و لەکوێخا و هتد.. ئیتر لێرەوە بیگرە بۆ هەموو خەسڵەتەکان وهەموومافو ئازادییەکانی مرۆڤ هەمووی پڕە لە ترس بۆ گشت چینەکانی کۆمەڵگا، لە کۆمەڵگای ترساودا ئەبێت جلوبەرگ بۆ کەسانیتری دەروبەر لەبەر بکەیت، دەبێت خواردن و خواردنەوەت لەبن ئەو ترسەدا کۆنترۆڵ بێت، دەبێت سەرەتاییترین مافی فەردی خۆت پڕبکەیت لەترس، نۆرمی خۆشەویستیمان نۆرمێکی پڕلەترسە بۆیە خۆشەویستییەکی کرچوکاڵ ودوور لە خۆشەویستی ڕاستەقینەی لێبەرهەم دێت؟!.

ئەو کەلتورە ترساوەی کوردستان کەلتورێکی کەم ئەندامە، کەلتورێک ترس سەرچاوەکەی بێت کەلتورێکی داخراوە، کەلتوری داخراو و ترساویش نەک کۆمەڵگای مەدەنی تێیدا لەدایک نابێت و بنیاد نانرێت بەڵکو پاماڵی کۆمەڵگای مەدەنی ئەکات؟!. کەلتوری ترساو کۆمەڵگا مت ئەکات نەک پێشی ئەخات، کۆمەڵگای متیکراویش لەگەل پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا سەروکاری نییە، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەئازادی ڕەها لە ورد بینی ڕەها لە لەسەربەست بوونی ڕەهای تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ هەڵبژاردن ودەست لێدانی گشت نۆرمەبینراوەکانی سەر لاپەڕەکانی ژیان بەبێ هیچ ترس ودودڵی وگومانێک و بەبێ هیچ سانسۆرێک؟!. کەلتووری ترساو زادەی سانسۆرە، کۆمەڵێک سانسۆر نەک یەکودوو، ئیتر سانسۆری مێژویی، سانسۆری بنچینەیی، سانسۆری نەریەتی، سانسۆری عەشیرەتی، سانسۆری ئاینی، سانسۆری گەورەکان، سانسۆری کەلتوری وسانسۆری مردن و لەسەروی هەموشیانەوە سانسۆری دەسەڵاتە و هتد.. ئەم گشتە سانسۆرە وایکردووە کۆمەڵگای کوردی ببێتە کۆمەڵگایەکی ترساو، هەمووچین و توێژەکانی کۆمەڵگای ترساویش ڕەنگدانەوەی خەسڵەتی کۆمەڵگا ترساوەکە بەسەریاندا زاڵە، لەکۆمەڵگایەکدا ترس هەمو قوژبنێکی ژیانیانی پێکابێت پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نییە، بەڵکو لەباتی پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پایە ئەستوورەکانی ترس وتۆقاندن، پایە فشەڵەکانی

خەرافاتی، پایە زاڵەکانی دەسەڵات، پایە کانی بێباوەڕی وباوەر بەخۆ نەبوون وپایەکانی شەرم جێگایان ئەگرێتەوە، ون بوونی تاکی کۆمەڵگا لەناو تاریکی ئەو گشت پایە زەبەلاحانەی کە ترس دروستی کردون، بەگشتی بێمانا بوونی ژیان دەر ئەخات، مرۆڤ بچوک ئەکاتەوە تاکو نەگاتە ئاستی کێشەو تەگەرەکانی پێشدەمی، لەوەها کۆمەڵگایەکدا کە ترس سەروەرە سایکۆلۆژییە نەخۆشەکان دروست ئەبن، سایکۆلۆژییە نەخۆشەکان لەبری ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی وئازادی و خۆشگوزەرانی، کارەسات ئەنێنەوە بۆ کۆمەڵگا تراژیدیاکان دروست ئەکەن برینی قوڵ ئەکەنە جەستەی کۆمەڵگا، کە سارێژکردنیان بۆدێر زەمان محاڵە، هیندێک لەو برینانە لەبەر کاریگەری نیگەتیڤیان لەسەرکۆمەڵگاو گریاناوی کردنی تراژیدیاکان، تاهەتایە لەسەر ڕووپەڕەکانی مێژو ئەمێنێننەوە.

چونکە کۆمەڵگای کوردی کەلتورێکی پڕلەترسی هەیە وسایکۆلۆژییە نەخۆشەکان پەرەگرتوون لەناویدا بۆیە ئەوڕێکخراو و دەزگایانەی کە لە کوردستان هەیەو لەجیهانی پێشکەوتوو بەشێکن لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لەکوردستان کۆمەڵە ڕێکخراو و دەزگایەکی کزۆڵە و بێدەسەڵاتن، وە سایکۆلۆژی نەخۆش زاڵە بەسەریاندا و ناپسپۆڕی بەڕێوە بەرانیشی دەردێکیتری کوشندەیە بۆهەرچی زیاتر کزۆڵکردنیان ولادانیان لە ڕێگاو سکەی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی چوون؟!، بەڵام خۆ مرۆڤ ناتوانێت تاهەتایە ملکەچی دەسەڵات بێت یان مرۆڤێکی بچوک و گوێڕایەڵبێت بۆکەسە سایکۆلۆژی نەخۆشەکان و هەردەم ئاوات و ئامانجەکانی ئەوان بپێکێت وبەدی بێنێت و خۆی بتوێنێتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی کەسە دەرون نەخۆشەکاندا کە خۆیان نەبێت کەسیتر نابینن، وە بوونەتە مۆتەکەی ڕێگر لەپێشی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگادا؟!، بۆیە ژیان بەردەوام لە گۆڕان و نوێ بوونەوەدایە، واتە باری دەرونی وئەقڵی مرۆڤەکانیش بەردەوام لەگۆڕان وگەشەکردندایە، بۆیە ئەبێت کۆمەڵگای کوردیش بەگشت چین وتوێژەکانییەوە لەو چەقبەستویی وترساویە دەرچێت و سایکۆلۆژییە نەخۆشەکانیش ناچاربکرێن یان لەگەل بەرژەوەندییە کانی کۆمەڵگادابن یان وەلابنرێن، چونکە ئەوانە و کاروکردارە نیگەتیڤەکانیان هەژگ وخاشاکی داپۆشین وگرتنی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنین وەگرێ وکۆسپی بەردەمی کۆمەڵگان لەسەرکەوتن وهەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنیدا؟!..

جمال فتاح
2006/4/28
لەندەن